پارێزگاری سلێمانی سەرکۆنەی هەرشکردنەسەر عەرەبەت و بارەگای کۆنگرەی کرد

د. هێڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی سەرکۆنەی هەرشکردنەسەر فڕۆکەخانەی عەرەبەت و بارەگای کۆنگرەی کرد و لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند، "بەتوندیی سەرکۆنەی ئەو دەستدرێژییانە دەکەین، کە ئەمڕۆ کرانە سەر فڕۆکەخانەی کشتوکاڵیی عەرەبەت و بارەگای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە هەولێر و هەموو ئەو سنوربەزاندن و پێلاماردانانەیشی لە ڕابردودا کراونەتە سەر هەرێمی کوردستان"، جگە لە هاوخەمی بە کەسوکاری قوربانیان وتیشی: داوا لە وڵاتانی ناوچەکە دەکەین ڕێز لە سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بگرن، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادیی و هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەین کەتایی بە ناکۆکییە ناوخۆییەکان بهێنن و خۆیان و وڵاتەکەمان لە هەر مەلمەلانێیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی بەدوربگرن و شکۆو سەروەریی نیشتمانیی وڵات بپارێزن.